گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue1 2024
ID No. 744 (PP 1-17)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.1.1

توێژینەوە

# ئافرەت لە تابلۆ هونەرییەکانی (ژان وێرمییە و ئێدوارد هۆپێر)دا
# توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە

محەممەد ساڵح ڕۆستەم زادە*

## پوختە

ئافرەت، یەکێکە لە مژارە سەرەکییەکانی هونەری شێوەکاری و بە تایبەت نیگارکێشان. ئەمەش خۆی دەرخەری جێگەو پێگە و گرنگی ئافرەتە لە گشت کۆمەڵگەکاندا. "ژان وێرمییە" هونەرمەندی هۆڵەندی سەردەمی بارۆک و " ئێدوارد هۆپێر" هونەرمەندی ئەمریکی هاوچەرخ لەو نیگارکێشانەن کە سیمای ژن وەک ئێلێمانێکی بەرچاو لە تابلۆکانیاندا بەدی دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە، هەڵسەنگاندنی سیمای ژنە لە بەرهەمەکانی ئەو دوو هونەرمەندە بە ئامانجی بەراوردی پێگە و شوناسی ژن لە دوو زەمەن و سەردەمی جیاواز و لە نێوان دوو جوگرافیای جیاوازدا. بۆ ئەو مەبەستەش لەو توێژینەوەیەدا لە مێتۆدی بەراوردکاری کەڵکم وەرگرتووە و پشتم بە سەرچاوە کتێبخانەییەکان بەستووە. دەسکەوتەکان پێمان دەڵێن: وێنەی ژن لە بەرهەمی هونەری بە تایبەت تابلۆدا؛ پێشاندەری پێگەی ئافرەت و دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووری و هونەری، شوێن و سەردەمی تایبەت بە تابلۆکان.

*بەشی شێوەکاری،کۆلێژی هونەرە جوانەکان،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

وەرگرتن 2022/11/11
پەسندکردن 2023/08/09
بڵاوکردنەوە 2024/02/15

وشە سەرەکییەکان:
ئافرەت،
ژان وێرمییە،
ئێدوارد هۆپێر،
بارۆک،
مۆدێرن.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ڕواڵەت و شێوازی بەرهەمێکی هونەری؛ پەیوەندی چڕی لەگەڵ ئەو سەردەمە هەیە کە تێیدا بەدی هاتووە. واتە شێوازی هەر بەرهەمێکی هونەری لەژێرکاریگەری سەردەمی مێژوویی ئەو بەرهەمەیە. (گاردنر، ١٩٤٦، ص ١٣) هونەریش وەک گشت ئەو فاکتێرانەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، هەڵگری ڕەوتی مێژووییەوە و لە ڕێڕەوی مێژوودا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بەرهەمە هونەرییەکان جیا لەوەی وەک ئایتێمێکی جوانیناسی سەیر دەکرێن، زۆرجار وەک سەرچاوەیەکی زانیاری و وەک پەیامێک لە سەردەمە جیاوازەکان و جوگرافیا جیاوازەکان هەژمار دەکرێن؛ بە پێی ئەو ڕووانینە کە هیچ بەرهەمێکی هونەری نایەتە ئافراندن تا ئەو کاتەی مەبەست و ئامانج و پەیامێکی لە پشت نەبێت، دەکرێ بڵێین تاووتوێی بەرهەمە دیدارییەکان دەتوانێت زانیاری گرنگ و بەپێزمان بخاتە بەردەست کە نە تەنیا لە سۆنگەی جوانیناسییەوە گرنگن؛ بەڵکوو دەکرێ بۆ لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەکانیش کەڵکیان لێوەربگیرێت و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی ڕەچاو بکرێن.

یەکێک لە بابەتە سەرنجراکێشەکانی مێژووی هونەر؛ پەیوەندی ئافرەت و هونەرە. هەڵبەت ئافرەت لە گۆڕەپانی هونەردا بە دوو شێواز دەردەکەوێت:

١- وەک ئافرەێنەری بەرهەمی هونەری (پەیکەرتاش، نیگارکێش، شانۆکار و ....).

٢- وەک مژار و سوژەی بەرهەمێکی هونەری.

تاووتوێی ڕۆڵی ئافرەت وەک ئافرێنەری هونەری ئەگەرچی بە جێ و پێویستە؛ بەڵام ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە نییە، بەڵکوو لەم توێژینەوەیەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت وەک مژارێک بۆ بوارە جۆراجۆرەکانی هونەر .

### 1: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

**1.1.گرفتی توێژینەوە:** توێژینەوە سەبارەت بە ئافرەتان بابەتێکی تازە نییە، بەڵام بەداخەوە لە خوێندنەوەکان و توێژینەوەکانی بواری ئافرەتان؛ لە کوردستاندا، هونەر و مێژووی هونەر وەک سەرچاوەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و تاووتوێی سایکۆلۆژیایی و ئەنترۆپۆلۆژییایی پێگەی ئافرەت و کەسایەتی ئافرەت نەخراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. "ژان وێرمییە" هونەرمەندی هۆلەندی سەردەمی بارۆک و " ئێدوارد هۆپێر" هونەرمەندی ئەمریکی هاوچەرخ لەو نیگارکێشانەن کە سیمای ژن وەک ئێلێمانێکیی بەرچاو لە تابلۆکانیاندا بەدی دەکرێت. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵی داوە بە هەڵسەنگاندن و بەراوردی پلە و پێگەی ژن لە بەرهەمەکانی ژان وێرمییە و ئێدوارد هۆپێر وڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

1- خاڵە هاوبەشەکان، یان خاڵە جیاوازەکانی شوناس و شێوەی ئافرەت لە بەرهەمەکانی ژان وێرمییە و ئێدوارد هۆپێر کامانەن؟

2- پێگەی ئافرەت وەک بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەردەمی بارۆک و کۆمەڵگەی ئەمریکی سەدەی بیستەم چۆنە؟

**2.1.گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە توانرا پێگەی ئافرەت لە دوو شوێن و زەمەن و کەلتووری جیاوازادا پێشان بدات و هاوکات زانیاری پێویست سەبارەت بە دۆخی کۆمەڵایەتی ئافرەت لە سەردەمی گەشەی ئابووری و زانستی ڕۆژئاوا دەربخات و هەروەها بەرچاو ڕوونییەک بێت بۆ ئەو هونەرمەند و توێژەرانە کە لە بواری ستایلی هونەری و دۆخی ئافرەت کاردەکەن.

**3.1. ئامانجی توێژینەوە:** دۆزینەوە و دیاریکردنی دووبابەتی گرنگی جیاوازیی و وێکچوونی ڕۆڵی ئافرەت لە بەرهەمەکانی ژان وێرمییە و ئێدوارد هۆپێر بە مەبەستی تێگەیشتن لە دۆخی ژنان لە دوو سەردەم (زەمەن) و شوێنی جیاوازدا.

**4.1. سنووری توێژینەوە:**

1. سنووری بابەتی: بەراوردی سیمای ئافرەت، لە تابلۆهونەرییەکانی (ژان وێرمییە و ئێدوارد هۆپێر) دا.
2. سنووری کاتی: سەردەمی بارۆک (سەدەی هەڤدە)- سەردەمی مۆدێرن (سەدەی بیستەم)
3. سنووری شوێنی: دوو وڵاتی هۆڵەند لە ئەورووپا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

### 5.1. پێناسەی زاراوەکان:

#### 1.5.1: پێگەی کۆمەڵایەتی:

پێگەی کۆمەڵایەتی لە پێناسەکردندا بریتییە لە:

1) پێگەی تاک یان گرووپێک لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا.

2) پێگەی تاکێک یان گرووپێک بە پێی دابەشبوونیان لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا و بە بایەخدان بە چۆنیەتی دابەشکردنی ماف و بەرپرسیارێتی ودەسەڵات و دەسەڵات لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا.

3) بەرزبوونەوەی پێگە بە لەبەرچاوگرتنی دابەشبوونیان لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە هەر جۆرە ڕۆڵێک، جا فەرمی بێت یان نافەرمی، دەتوانێت پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بکات.

پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو بەهایەیە کە گروپێک بە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە. مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا دا پێگەی جیاوازیان هەیە، واتە هەندێک پێگەی کۆمەڵایەتی، بەها و شکۆیان بەرزترە لە پێگە و پلەی دیکە. پێگە کۆمەڵایەتییەکان بە تێپەڕبوونی کات و لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دەگۆڕێن. (شوانی،دانا.٢٠٢٣)

**2.5.1: هونەری بارۆک:**

ئەو دەستەواژەیە، پتر بۆ وەسفی جۆرێکە لە هونەر لە ئەوروپا لە نێوان ساڵەکانی ١٦٠٠ تا ١٧٥٠ (زایینی) بەکار دێت. هونەری بارۆک قەرزداری پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی سەردەمی ڕێنێسانسە. ئەم دەستەواژەیە لە ناوەندی سەدەی هەژدەیەم کەوتە سەرزار، واتە کاتێک "یوهان یواخیم وینکێلمان" بۆ سوکایەتی بە هونەری دەیەی پێشوو ئەو دەستەواژەیەی بەکارهێنا. وشەی "بارۆک" وشەیەکی پورتوگالییە بە مانای "مرواری" یان "ددانی نارێک و ناشیرین" . بۆیە بارۆک ئاماژە دەکات بە ناهاوسەنگی و ناشیرینی لە هونەردا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم؛ ئەو دەستەواژەیە لە ڕێگای نووسراوەی کۆمەڵێک مێژوونووسی ئالمانی بڵاوبوویەوە و چیتر واتای سوکایەتی نەما و بە پێچەوانە وەکوو هونەرێکی گرنگ و پێویست پێناسە کرا. (کلارک.١٩٥٣، ص ٣١-٣٢)

**3.5.1: هونەری مۆدێرن:**

هونەری مۆدێرن و (مۆدێرنیزم بە گشتی) بە بزووتنەوەیەکی جیهانی لە کۆمەڵگە و کەلتوردا دەوترێت، ئەم بزوتنەوەیە لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە دوای هاوئاهەنگییەکی نوێ دەگەڕا لەگەڵ ئەزموون و بەهاکانی ژیانی پیشەسازی مۆدێرن . هونەرمەندان لە سەرانسەری جیهان؛ لەسەر بنەمای ئەزمونی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ، وێنە و نیگار و کەرستە و تەکنیکی نوێیان بەکار هێنا بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانیان کە هەستیان دەکرد باشتر واقیع و هیواکانی کۆمەڵگە پیشان دەدەن. هەرچەند ئەو دەستەواژەیە شێوازی جۆراجۆر لەخۆدەگرێت، بەڵام هەندێک بنەمای بنەڕەتی هەن کە پێناسەی هونەری مۆدێرن دەکەن :

- ڕەتکردنەوەی مێژوو و بەها کۆنەکان (وەک پیشاندانی واقیعی بابەتەکان).
- داهێنان و تاقیکردنەوە و تێکشکانی فۆرم بەرەو ئەبستراکت.
- جەختکردنەوە لەبەکارهێنانی کەرەستە و تەکنیکی جیاواز.
-هاتنە گۆڕەپان بە ئەجیندای کۆمەڵایەتی و سیاسی جۆراجۆرەوە.(Tate.2021)

**2: چوارچیوەی تیۆری توێژینەوە :**

**1.2.توێژگەکان:** لە خوێندنەوە و وردبوونەوە لە ڕەوتی مێژووی هونەردا توێژەر بۆی دەرکەوت کە فیگەری ئافرەت لە بەرهەمە هونەرییەکان جیاواز بووە و ڕۆڵی جیاوازی بینیوە کە دەکرێت لە چەند خاڵدا پۆلینی بکەین:

**1.1.2. ئافرەت وەک مژارێکی مێتۆلۆژیایی :**

لەوقۆناغەدا ژن پتر وەک سەرچاوەی ژیان و بە چەشنی سیمبولی زاووزێ و لە بیچمی خواژن دا دەردەکەوێت و ئەگەرچی ئاناتۆمی و شکلی زۆر ڕێکوپێک و تۆکمە نیە؛ بەڵام پێگەی پیرۆزی ئافرەت و بە تایبەت دایک پێشان دەدات. بۆ وێنە رێلیفەکانی ئینانای سومەری لە باشووری عێراق، پەیکەرەی ئاناهیتا لە کەنگاوەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ یان وێنەی شاماران لە کەلتوور و هونەری کوردەواریدا؛ کە پتر کەونارایین و لە کۆمەڵگە دایکسالارەکان بە جێ ماون؛ لەبەر ئەوەی وەک هێما و سیمبولی تایبەت و بە ئامانجی تایبەت دروست کراون، لەم بەرهەمانەدا ئەندامەکانی جەستەی ژن ڕێژەی دروستیان نیە و ئەندامە مێینەکان لە فۆرم و قەبارەدا زێدەرۆیی تێدا کراوە، بۆ وێنە پەیکەرەی ڤینووسی ویلیندۆرف (کە لە وڵاتی نەمسا دۆزراوەتەوە)، هەندێ جاریش ناراستەوخۆ ڕۆڵ و پێگەی ژنمان وەکوو دایک وەبیر دەهێننەوە؛ بۆ وێنە لە پەیکەرە مەفرەغینەکانی لۆرستان کە بە چەشنی بت بەکارهاتوون، ژنەکان دەستیان بە مەمکیانەوە گرتووە کە دەکرێت بە مانای ئەوە بێت ئەو بتانە بە مەبەستی وەچە خستنەوە پەرستراون یان لە بیچم و شێوەی مرۆڤ دەرچوون و بە شێوەی ئاژەڵ دەرکەوتوون ؛ وەکوو وێنەی شاماران کە تەنیا سەری ژنی هەیە و جەستەی لە شێوەی مارە.

**2.1.2. ئافرەت وەک بابەتێکی ئایینی:**

هەر لە درێژەی ڕۆڵی پیرۆزی دایک و ئافرەت لەم قۆناغەدا لە مێتۆلۆژیاوە بۆ ئایین سیمای ژنیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و بە کەسایەتی ناسراوی خۆیەوە دەردەکەوێت؛ بۆ وێنە نیگاری مەریەم لە فۆڕمی مەدۆنا دا کە لە تابلۆکانی سەردەمی ڕێنێسانس دا یەکجار زۆرە. یان پێرسۆناژی پەیکەرەی ناسراوی " جەزم بوونی سەینت ترێزا" بەرهەمی لۆرێنزۆ بێرنینی. لەم قۆناغەدا ڕواڵەت و

جەستەی ژن ڕێژەی زێرینی هەیە و لە ڕوانگەیەکی ئایدیالەوە وێنا کراوە. جووانی ، پاکی و بێگەردی لەو قۆناغەدا تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی وێنەکانی ئافرەتە.

**3.1.2. ئافرەت وەکو کاڵا:**

ئەگەرچی لە مێژووی هونەردا لە سەرەتاوە جەستەی ژن بە شێوازی جۆراجۆر وێنا کراوە؛ بەڵام هیچ کات وەک سەردەمی مۆدێرن؛ ڕووانگەی جنسی و سێکشوال لەسەر جەستەی ژن نەبووە؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە دروشمی یەکسانی ژن و پیاو یەکێک لە دروشمەکانی مۆدێرنیزمە !. واتە سیمای ئافرەت لە خواژنەوە گۆڕدراوە بۆ کاڵایەکی بێنرخی بۆرژوازی! ئافرەت ئیتر نە خووایە و نە پیرۆز، بەڵکوو جەستەی ئافرەت سەرچاوەی چێژ و حەزە و وێنەی ئافرەت، ئامرازی سەرەکی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکە بۆ مەبەستی تایبەت . لێرەدا جەخت دەکرێتە سەر لایەنە ڕووکەش و ورۆژێنەرەکانی جەستەی ژن و بوونی ئافرەت لەسەر پێوەرەکانی بازاری سەرمایەداری پێناسە دەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت و بەکاڵابوونی ژن، زۆر ئاسایی پێشان دەدرێت؛ بۆ وێنە خوڵقاندنی پێرسۆناژێک بە ناوی سیندرێلا یان بووکەڵەی باربی کە چاویان شین و پرچیان زەرد بوو ، بەکار هێنانی وێنەی بە لێشاوی ئافرەتانی گەنج لەسەر ڕووبەرگی گۆڤار و شاشەی تی ڤییەکان و تەنانەت بیلبۆردی سەر چوارڕیانەکان، نموونەیەکن لەو چەشنە بۆچوونە.

**4.1.2. ئافرەت وەک بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگا:**

هەندێ جار هونەر و بە تایبەت هونەری نیگارکێشان تەنیا هەڵگری ئەرکی "گێڕانەوەیە" . گێڕانەوەی ڕووداوێک، دیمەنێکی مێژوویی، ژیانی ڕۆژانە و... لەو حاڵەتەدا تابلۆ پتر گوواستنەوەی چیرۆک، دیمەن یان ڕووداوێکی نۆرماڵ و ئاساییە. ژن لەم جۆرە بەرهەمانەدا دەتوانێ هەموو جۆرە ڕۆڵێکی هەبێت: دڵدارێکی خەمبار، کەسێکی شۆڕشگێڕ، ژنێک سەرقاڵی ژیانی ئاسایی، ئافرەتێکی ناسراو، یان بە پێچەوانە ئافرەتێکی بزر و نەناسراو لە شەقامێکی قەرەباڵغ دا. لەو تابلۆیانەدا ڕەنگە فۆرم و شکلی ئافرەت بە پێی ستایل و شێواز و ویستی نیگارکێشەکە گۆڕانی بەسەردا بێت (بۆ وێنە پۆرترەیتێکی ئێکسپێرشێن، یان نیگارێکی ڕەخنەیی) بەڵام بە گشتی وێنەکە گوزارشت و گێڕانەوەی بەسەردا زاڵە و نۆرمالترین شکڵ و شێوەی ئافرەتمان پێ پیشان دەدەن . هەر بەم هۆکارەش ئەم جۆرە تابلۆیانە زانیاری تایبەت ئەدەن بە بینەر.

**2.2. ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:**

1. ئافرەت لە ڕەوتی مێژووی هونەردا، بە فیگەر و ڕۆڵی جیاواز دەردەکەوێت.

2. لەناو ڕۆڵە جیاوازەکانی سیمای ئافرەت لە تابلۆی هونەریدا، چەمکی "دایکایەتی" زۆر بەرچاوە. چ لە قۆناغی دایکخوایی لە ئایینە سەرەتاییەکاندا، چ لە سەردەمی ڕێنێسانسدا.

3. یەکێک لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنیزمی سەرمایەداری، بەکاڵابوونی ئافرەتە. ئەم فەکتە، کاریگەریی زۆری لەسەر بەرهەمە هونەرییەکان بووە.

4. دەرکەوتنی فیگەری ئافرەت لە فۆڕمێکی جنسی و کاڵایی دا؛ لەگەڵ پەرەسەندنی تێکنۆلۆژیا، هەتا ئێستاش بەردەوامە. جگە لەو ڕۆڵە، ڕۆڵەکانیتری فیگەری ئافرەت یان پیرۆزن یان ڕۆڵی سروشتی و ئاسایی ژن لە کۆمەڵگا نیشان دەدەن.

5. ژن وەک بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگا؛ مژاری بەشێکی زۆر لە بەرهەمە هونەرییەکانن. ئەم تابلۆیانە دەکرێ ئەرکی گێرانەوەیان هەبێت یان نیگارێکی ڕەخنەیی بن .

**3: ڕێکارەکانی توێژینەوە:**

**1.3. کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگای ئەم تووێژینەوەیە؛ لە دوو گروپ پێکدێت کە هەرکام بریتین لە بیست تابلۆ. گروپی یەکەم بیست تابلۆ لە بەرهەمەکانی هونەرمەند ژان وێرمییە و گروپی دووهەمیش بیست تابلۆ لە بەرهەمەکانی هونەرمەند ئێدوارد هۆپێر. توێژەر مەرجی دیاریکردن و هەڵبژاردنی ئەو تابلۆیانەی : هەبوونی فیگەری ئافرەت ڕەچاو کردووە.

**2.3. نموونەی توێژینەوە:** نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە ٦ تابلۆن . توێژەر بە پێی پسپۆڕی خۆی، لەهەر گروپ ٣ نموونەی بە مەبەستی بەراوردکردن، هەڵبژاردووە بۆ توێژینەوەکە؛ واتە ٣ تابلۆ لە هونەرمەند ژان وێرمییە و ٣ تابلۆ لە بەرهەمەکانی هونەرمەند ئێدوارد هۆپێر.

**3.3.میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا، لە میتۆدی بەراوردکاری کەڵک وەرگیراوە.

**4.3. هونەرمەند ژان وێرمییە:**

" ژان وێرمیە (١٦٣٢-١٦٧٥) کە لە سەرچاوەکان دا بە ناوی یان وێرمییە-ش دەناسرێت، هونەرمەندی نیگارکێشی هۆلەندییە کە بەرهەمەکانی لە ریزی دڵخوازترین و کاریگەرترین بەرهەمگەلی شێوەکاری لە مێژووی هونەری جیهانی دایە ( ایکاروس، ١٣٩٨)

بەداخەوە "سەبارەت بە ژیانی وێرمییە زانیاری زۆرو وردمان لە بەردەستا نییە؛ وێرمییە خەڵکی شاری دێلفت بوو و پتر وەک بازرگانێکی هونەری دەناسرا. " ( پاکباز، ١٣٨٥، ص 621).

"بە پێی سەرچاوەکان؛ وێرمییە هونەرمەندێکە زۆر بە شێنەیی وبە وردی کاری کردووە و هەر بەم هۆیەش لە ماوەی ژیانیدا تابلۆی زۆری نەکێشاوەتەوە." (گامبریج ،١٩٠٩، ص 420) و تەنیا ٤١ تابلۆی لە پاش بەجێماوە. هەڵبەت دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە وێرمییە لە تەمەنێکی کەم دا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و زۆر نەژیاوە. سەبارەت بە ڕەوتی ژیانی هونەریی ژان چەند بۆچوونی جیاواز هەیە ؛ بە پێی نووسینی هەندێ لە مێژوونووسانی هونەر "وا پێدەچیت شاگردی فابریتیوس[١] بووە وئەویش کاریگەری بەرهەمەکانی رامبراند[٢] و کاراواجۆی[٣] بەسەرەوە بوویێت." (پاکباز، ١٣٨٥، ص 621) بەڵام هەندێ لە توێژەران لەو بۆچوونە دڕدونگن و ڕایان وایە وێرمییە زیاتر لە ژێر کاریگەری پیتێر دۆهوچ[٤] دابووە. ( Tietz ,Tabea , 2018)

"وێرمییە لە دەسپێکی ١٦٥٠ بە کێشانەوەی دیمەنەکانی ئینجیل و هەروەها دیمەنە مێتۆلۆژیاییەکان؛ لە قەبارەی گەورەدا، نیگارکێشانی دەست پێکرد، بەڵام بەرهەمەکانی دوواتری و ڕێک ئەو بەرهەمانەی بوونە هۆی ناوداربوونی؛ زیاتر ژیانی ڕۆژانە لە تێوماڵ پیشان دەدەن ". (ایکاروس،١٣٩٨) هێلێن گاردنێر لە کتێبی هونەر لە ڕێرەویی زەمەن دا دەڵێت: " لە کاتێکدا نیگارکێشانی سەدەی پازدەی هۆلەند لەناو تابلۆکانیاندا؛ ژوورە پڕ لە کەسایەتییە ئایینییەکانیان دەکێشایەوە، وێرمییە و هاوچەرخەکانی؛ دیمەنی ناوەوەی خانووی پاقژ و پڕشکۆی بازرگانانی توێژی مامناوەندی کۆمەڵگای هۆلەندیان دەکردە تابلۆ و پیاو و ژن و منداڵانیان بەرجەستە دەکرد کە سەرقاڵی کار و ژیانی ڕۆژانەن. " (گاردنر، ١٩٤٦، ص 529) " ئەم ژانرە لەگەڵ ژیانی تایبەتی خودی هونەرمەندیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بووە؛ واتە ئەو دیمەنانەی وێرمییە ئافراندوونی بە جۆرێک لە ژیانی خۆیدا روویان داوە. (ایکاروس، ١٣٩٨)

سەرەڕای ئەوەی ژان وەک سەرۆکی سەندیکای نیگارکێشانی دێلفت هەلبژێردرا بەڵام بە گشتی دەکرێت بڵێین ژان وێرمییە پترلە پاش مەرگی ناسرا و ناوی دەرکرد؛ "هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو پرس: یەکەم ئەوەی کە بەرهەمەکانی وێرمییە لە لایەن خاوەن کۆلێکشێنە ناوخۆییەکانەوە دەکڕدرا و هەر ئەوانیش رایان دەگرت، دووهەمیش ئەوە بوو کە ژان هەروەک باس کرا کەمکار و بەرهەمی زۆری نەبوو. لە دووای مردنی؛ تابلۆکانی سەرنجی پسپۆڕانی ڕاکێشا وپاشان وردە وردە لە شاری گەورەتری وەک ئامێستێردامیش نمایش کران . لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا بەشێک لە تابلۆکانی وێرمییە بە ناوی هونەرمەندانی ترەوە دەناسران ؛ بەڵام کاتێک نیگارکیش و ڕەخنەگری ناوداری فەرەنسی ئیتین جۆزێف تێئۆفیلی تۆرێ لە ساڵی ١٨٦٠ لەسەر بەرهەمەکانی وێرمییە وتارێکی نووسی، ئەوجا ناوی وێرمییە سنوورەکانی تێپەڕاند و تەواوی ئوروپای گرتەوە، هەر لەم سەردەمەدا بوو کە بازرگانانی بواری هونەر و خاوەن کۆلێکشێنەکان روویان کردە هۆلەند و نرخی تابلۆکانی ژان وێرمییە بەرز بوونەوە . لە سەدەی بیستەم دا ناوبانگی ئەم هونەرمەندە هەمیسان زیادی کرد و لە ساڵی ١٩٩٥ لە نێشنال گالێری واشتن پێشانگایەک لە بەرهەمەکانی ڕێکخرا و تابلۆی " کچێک بە گوارەی مرواریەوە" ناوبانگی جیهانی پەیدا کرد ." (ایکاروس، ١٣٩٨)

تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی بەرهەمەکانی ژان وێرمییە ، بچوکی قەبارەی تابلۆکانە. و جگە لە چەند تابلۆی یەکەمی کە مژاری ئایینی و مێتۆلۆژییان هەیە؛ ئەوانیتر لە قەبارەی کەمتر لە یەک مەترن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لەو سەردەمەدا کە سەردەمی بارۆکە و بەر لەویش زۆرینەی هونەرمەندان لە قەبارەی گەورەدا ئیشیان دەکرد.

تایبەتمەندیتری بەرهەمەکانی وێرمییە کە لە هونەرمەندانیتری جیا دەکاتەوە؛ دانانی ڕووناکییە. " لە ڕاستیدا هیچ نیگارکێشێکیتر نەیتوانیوە لەو ئاست و کوالیتەیەدا دیمەنی ژوورەوە بەرجستە بکات و فەزا و ڕووناکی بەم جووانییە ڕێک بخات. هاوکات لەگەڵ دانانی ڕووناکی، وێرمییە هەروەها بە جووانترین شێوە تێکەڵاویی فیگور و فەزا نیشان دەدات." (ایکاروس، ١٣٩٨) لە راستیدا "وێرمییە دەیزانی ڕووناکی دەتوانێ تێگەیشتنی ئێمە لە ڕەنگ و فۆڕم بگۆڕێت. " (Christina, 2014)

"وێرمییە مامۆستای دانانی ڕووناکی بوو و زۆر زانایانە کەڵکی لەم لێهاتوویەی خۆی وەردەگرت، ئەو لە ڕێگەی وێناکردنی ڕووناکی لە تابلۆکانی دا وەها شارەزایانە فەزای پێنیشان دەدا کە رووبەری تابلۆکە وەک جامێکی شەفافی لێ دەهات کە بینەر لەوێوە دەیتوانێ سەیری وێنەکە بکات."(Kleiner, p 688) سەرچاوەی ڕووناکیەکە لە هەموو تابلۆکان دا پەنجەرەیەکی گەورەیە و ئەو ڕووناکییە سروشتییە تۆنات و سێبەری نەرم و ناسکی لەسەرگشت روخسارو جل و کەرەستەکان دروست کردووە کە ئێمە دەخاتەوە بیری سێبەردانانی کاراواجۆ و رامبراند.

### 5.3. ئافرەت لە بەرهەمەکانی ژان ویرمییەدا:

فیگەری ئافرەت لە بەرهەمەکانی وێرمییەدا ٤٦ جار بەکار هاتووە و زۆربەیان دەوری سەرەکییان هەیە؛ لە کاتێکدا فیگەری پیاو تەنیا ١٤ جار بەکارهاتووە کە دەوری لاوەکییان هەیە ولە ٣ حاڵەت دا پشتیان لە بینەرە و دەمووچاویان دیار نییە ( Janson , Jonathan ,2021).

بە گشتی تابلۆکانی وێرمییە لەگەڵ ئەوەی فەزایەکی چڕوپڕیان هەیە؛ پێرسۆناژی کەمی تێدایە و یەک یان دوو کەس نمایش دەکەن؛ لە زۆربەی تابلۆکانی وێرمییە کە ڕەچاوی شێوازی دارشتنی سەردەمی باڕۆک دەکەن و هەروەها زۆرینەیان چارگۆشەن؛ خاڵی سیادە دەکەوێتە ناوەڕاست، بە تایبەت لەو تابلۆیانە کە تاک پێرسۆناژن. یانیش دارِشتنێکی سێ گۆشەیی کلاسیک لە ناوەند دروست دەکەن. هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، پەنجەرەکان پتر لەبەری چەپی تابلۆکانن. ئەگەر هێڵی گۆشەی سەرەوەی پەنجەرەکە و هێڵی خوارەوە ڕەچاو بکەین؛ ئەو دوو هێڵە هەروا بەردەوامِ بن دروست لە ناوەندی تابلۆکە یەکتر دەبڕن: لە نزیکی سەری فیگەرەکە . واتە لە رووی گرنگییەوە فیگەرەکان کە زۆربەیان ژنن لە گرنگترین شوێنی تابلۆکە نەخشێندراون.

بێگومان وێرمییە لە کۆمەڵێک شتیتریش بۆ بەهێزکردنی دارِشتن (کۆمپۆزیشن) ی تابلۆکانی سوودی وەردەگرت وەک: کەلوپەلی نێوماڵ، مێز، کورسی، دۆڵاب، پەردە و ... هتد . تەنانەت جاری وایە لە سێبەر و تاریکی و رووناکی سەر قوماشەکانیش بۆ هاوسەنگی تابلۆکانی سوودی وەرگرتووە.

لەو ژنانەی کە بوونەتە مۆدێلی وێرمییە هیچیان تا ئێستا نەناسراون و ئەگەرچی وایێدەچێت هەندێکیان زیاترلە جارێک بووبێتنە مۆدێلی، بەڵام ئێمە جیا لە جلوبەرگ و خشلەکانیان، چ زانیارییەکیترمان لەسەریان نییە. (Janson, Jonathan ,2021) لەگەڵ ئەوەش هەندێ لە پسپۆڕان ڕایان وایە ئەمِ ژنانە دەشێت کەسوکاری خودی هونەرمەندەکە بووبێتن. ئافرەتەکان دەمووچاویان دیارە و لە ڕووبەروو و تەنیشت و لاتەنیشتەوە کێشراونەتەوە، لە هەندێ لە تابلۆکان دا دەڕواننە بینەر و لە هەندێکیشیان دا یان لە کەسی بەرامبەریان دەڕوانن یان سەرقاڵی کارێکن. جاری وایە لەبەر پەنجەرە وەستاون و لە زۆربەشیان دا لەسەر کورسییەک دانیشتوون. جگە لە یەک دوو تابلۆ نەبێت لەوانیتردا مۆدێلەکان بزەیەکیان لەسەر لێوە و زۆر کەمِ ئافرەتێکی خەمبار لە بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێت. ڕەخنەگران ڕایان وایە کە ناتوانین بڵێین ئافرەتەکانی ناو بەرهەمگەلی وێرمییە "جووان"، بەڵکوو جووانییەکەیان لە شێوازی کێشانەوە و هەروەها لەودۆخەوە دێت کە تێیدا دەژین. بە گشتی کەسایەتییەکان و فیگەرەکان هاوسەنگ، تەکوز، ڕێکوپێک و مەندن. دەمووچاوی ئافرەتەکان جا چ دایک بێ چ کیژۆڵەیەک؛ ناوچاوانی بەرزو روخسارێکی شۆخ و گەنجیان هەیە وجگە لەو ئافرەتانەی پەچەیان لەسەرە، ئەوانیتر پرچیان بە شێوازی تایبەت هۆنیوەتەوە و ڕێکیان خستووە. (Janson, Jonathan ,2021) وێرمییە مامۆستای رازاندنەوەیە و هەروەک چۆن دارِشتنی تابلۆکانی پڕ لە ئێلێمان و نەخش و نیگارە؛ هەر ئاواش پێرسۆناژەکان کۆک و پۆشتە و پۆشیان، تەنانەت ئەگەر ئەو پێرسۆناژە خزمەتکارێکیش بێت. ئەو بۆ رازاندنەوەی زیاتری فیگورەکان جیا لە فاکتێری جلو بەرگ و رووبەری رەنگاورەنگی جلەکان لە تروسکەی خشلیش کەڵکی وەرگرتووە.

لە دەسپێکی سەدەی هەڤدە لە هۆڵەند، هونەرمەندانێک وەک دیرک هالز (1591–1656) Dirck Hals و ویلیامِ دویستێر William Duyster (1599–1635) پێشەنگی ستایلێکی شێوەکاری بوون کە ئێستا پێی دەڵێین : ژانری ژوورەوە. لە بەرەهەمەکانیان دا کۆمەڵێک گەنجیان پیشان دەدا کە بە جلوبەرگی نوێ و گرانبایەوە سەرقاڵی خواردنەوە و ژەنینی مۆسیقا و ... هتد بوون. دوواتر لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەڤدە ژان وێرمییە لەو هونەرمەندانە بوو کە ئەو رێبازەی گرتە بەر؛ زۆرینەی دیمەنەکانی ئەو ژانرە؛ فەزای نێو ماڵی چینی مامناوەندی کۆمەڵگەیان پێشان دەدا و ئەو چەمکانەیان دەگوواستەوە کە بەلای هۆلەندییەکانەوە گرینگ بوون وەکوو: بنەماڵە، سنووری تاکەکەسی، خۆشەویستی و تەبایی و هاوکات خۆشی و خۆشگوزەرانی و بینەریشیان هان دەدا بۆ وەها ژیانێک. (Janson, Jonathan ,2021) لە ڕاستیدا ژان وێرمییە لە سەردەمی زێرینی هۆڵەند° دا دەژیا (Dutch Golden Age) واتە سەردەمێک کە ئابووری، بازرگانی ، زانست و هەروەها هونەر لەوپەڕی گەشە دابوو؛ سەروەت و سامانی خەڵکی هۆلەند زیادی کردبوو و خەڵک بۆ ژیانێکی دەوڵەمەندانە و بۆرژوا هان دەدران.

هەبوونی ئافرەت لە بەرهەمەکانی هونەرمەندێک کە خۆی بۆ کێشانەوەی فەزای ژوورەوە تەرخان کردووە، ئاسایی و چاوەڕووان کراوە. لەبەر ئەوەی نێوماڵ هەرێمێک بوو لە رووانگەی کۆمەڵگەوە تایبەت بوو بە ئافرەت. وێرمییە سەرنجی ئەوەی دابوو کە ژنی ئەو سەردەمە خوێندەوارتر و پێشکەوتووترە لە جیلەکانی پێشووتری خۆی و بە تەواوی لەگەڵ ژیانی نێو ژوورەوە تێکەڵاو بووە . (Janson, Jonathan ,2021).

### 6.3. هونەرمەند ئێدوارد هۆپێر:

" ئێدوارد هۆپێر" لە شێوەکارە ریالیستەکانی ئەمریکیە کە کاریگەری زۆری لەسەر هونەرمەندانی شێوازی پۆپ و ریالیزمِ لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ هەبووە. ". (فلاح زادە، علی، ١٣٩٩) " ئێدوارد هۆپێر" ساڵی ١٨٨٢ لە گوندی نیاک سەر بە شارۆچکەی

ئۆرانگتاونی نیویۆرک؛ لە دایکبوو و لەناو مالباتێکی ئاینی دا گەورە بوو. دایکی ئێدوارد " ئێلیزابێت گریفیس" پەروەدە کردنی منداڵەکان و بەڕێوەبردنی مالەوەی لە ئەستۆ گرتبوو . (Knae,Stephanie, 2020) باوانی ئێدوارد هەر لە سەرەتاوە هەوڵیان دەدا ئێدوارد و ماریۆن-ی خوشکی هونەر بناسن ، ئەوان بەردەوام بەشداری شانۆ و کۆنسێرت و بۆنە هونەرییەکان دەبوون. ( The Art Story Foundation, 2016 )

بنەمالەی هۆپێر لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی ئامانجە هونەرییەکانی کوڕەکەیان بوون؛ زۆر حەزیان دەکرد ئێدوارد لە بوواری وێنەسازی بازرگانی دا بخوێنێت، بەم هۆکارەش ئێدوارد بۆ ماوەی یەک ساڵ لە کۆلێژی وێنەسازی نیویۆرک دەرسی خوێند بەڵام دوواتر لە ساڵی ١٩٠٠ لە کۆلێژیی هونەریی نیویۆرک ناوی نووسی و مادەی هونەرەجوانەکانی هەڵبژارد. لەوێ تا ساڵی ١٩٠٦ لەژێر چاودێری دوو مامۆستای ئەمریکی : ویلیام مێریت چەیس (William Merrit Chase) [٦] و رۆبێرت هێنری [٧] (Robert Henri) کە بەردەوام فێرخوازەکانیان هان دەدا راستەقینەکانی ژیان پێشان بدەن ، کاری کرد. (فلاح زادە، علی، ١٣٩٩)

لە ساڵی ١٩٠٥ هۆپێر لە ئاژانسێکی ریکلام سازی لە نیویۆرک، دەستی بە ئیش کرد، بەڵام حەزی لە کارەکەی نەبوو و تامەزرۆی ئەوە بوو بتوانێت بە حەز و خولیای خۆی تابلۆ بکیشێتەوە، بە داخەوە پێشکەوتنی لە بواری شێوەکاریش دا کەم بوو، هەر بۆیە ناچار بوو زیاتر لە ٢٠ ساڵ وەک دیزاینێر کار بکات تا قۆناغی نیگارکێشانی دەست پێ بکات. (The Art Story Foundation, 2016)

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٦ تا ١٩١٠ سێ جار و بۆ ماوەی دووردرێژ سەفەری بۆ پاریس و شارەکانیتری ئوروپا کرد کە ئەم سەفەرانە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر دروستبوونی روانگەی هونەریی تایبەتی هۆپێر هەبوو. لەو سەردەمەدا پاریس زێدی زۆربەی بزاڤە پێشڕەوە هونەرییەکان بوو.

شێواز و تێکنیکی هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیست کاریگەری زۆری لەسەر تێکنیک و رەنگدانانی هۆپێر هەبووە، تێڕووانینی هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیست بۆ رەنگ و رووناکی و هەروەها بۆ بیناسازی و سروشت تا رادەیەکی زۆر بۆ هۆپێر سەرنجراکێش بوو و کاریگەری زۆری لەو هونەرمەندانە بە تایبەت لە ئێدوارد مۆنێ [٨] و ئێدگار دێگا[٩] وەرگرت و ئەگەر تا ئەو کاتە بە پێی ئەو دەرسانەی لە ئەمریکا خوێندبووی کەڵکی لە رەنگە تاریکەکانی وێلاسکۆئێز و رامبراند وەردەگرت، لەمەودووا رەنگی درەوشاوە و روون و زەقی بۆ کارەکانی هەڵبژارد. ئەو کاریگەرییە هێندە زۆر بوو کە هۆپێر لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا لە ١٩٦٢ دەڵێت: " من ئێستاش پێموایە هونەرمەندێکی ئەمپرێسیۆنیستم ."

لە ساڵی ١٩١٩ واتە کاتێک ئێدوارد تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو؛ یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی دانا. ئەم پێشانگایە کە ١٦ بەرهەمی لە خۆ گرتبوو لەگەڵ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی نەفرۆشرا، بەڵام وەک خاڵی وەرچەرخان ودەسپێکی ناسرانی هۆپێر زۆر گرینگ بوو.

لە ساڵی ١٩٢٤ - ئێدوارد هۆپێر لەگەڵ "جۆزێفین نیویسۆن " (Josephine Nivison) هاوسەرگیری کرد، جۆزێفین کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی هۆپێردا هەبووە و لە رەوتی ناسران و پێشکەوتنی هۆپێردا رۆڵێکی زۆر بەرچاو وبە هێزی بووە، جۆزێفین بۆ خۆی شێوەکار بوو و بەرهەمەکانی لە پێشانگاکانی نیویۆرک نمایش درابوون و دەدران. ئەمە لە کاتێکدابوو کە هۆپێر زۆرکەسێکی ناسروا نەبوو و پتر لە بواری چاپ و نەخشاندن دا چالاک بوو، بەڵام لە دوای هاوسەرگیری بە پێچەوانە؛ ناوبانگی جۆزێفین کەمی کرد و بە گوێرەی وتەی مێژوونووسانی هونەر؛ خۆی کردە قوربانی سەرکەوتن و ناوودەنگی هۆپێر. هەر جۆزێفین بوو هۆپێری هان دەدا زیاتر لەسەر تەکنیکی ئاوڕەنگ ئیش بکات و هەروەها بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردن و دانانی پێشانگاکانی هۆپێر-یشی لە ئەستۆ دەگرت. (فلاح زادە، علی، ١٣٩٩)

لە چەند ساڵی داهاتوودا بەرهەماکانی هۆپێر پێشکەوتن و وردە وردە ستایلی تایبەت بە خۆی لە تابلۆکانیدا دەرکەوت. ( The Art Story Foundation, 2016) لە ساڵی ١٩٢٧ دووهەم پێشانگای تایبەتیی لە گەلەری فرانک رێن لە نیویۆرک بەڕێوەبرد، ئەو پێشانگایە پێشوازییەکی یەکجار زۆری لە لایەن جەماوەر و رەخنەگرانی هونەرییەوە لێکرا و تەواوی بەرهەمەکانیشی فرۆشرا. لە ساڵی ١٩٣٣ پێشانگایەکیتری لە مۆزەخانەی هونەری مۆدێرنی نیویۆرک بەڕیوەچوو کە بەردەنگی زیاتر و ناوبانگی زیاتری بۆ هێنا، بە گشتی ستایلی تایبەت و پرشارەزایی هۆپێر لەم قۆناغەدا ببوە هۆی ئەوەی لە هونەرمەندانیتر جیاواز بێت . دیمەنگەلی سەرنجڕاکێش، ژووری بەتاڵ و رووالەتە تیژتیپەرەکان کە لە بەرهەمەکانی دا بەرچاوە؛ دەرخەری هەستی ژیانی سەردەم و رەوتێکی نوێیە کە هۆپێری پێ دەناسرێتەوە . (فلاح زادە، علی، ١٣٩٩) لە پەنجاکان و شەستەکان لەگەڵ هاتنی ئابستراکت ئێکسپێرشێن (دەربڕینخوازی سەڵت) ، پۆپ و مینیمالیسم بۆ نیویۆرک، بەڵام هێشتا ئێدوارد هۆپێر لایەنگرانی خۆی هەبوو و مژارە سەرنجراکێشەکانی بەردەنگی جیهانیی رادەکێشا. هۆپێر لە ساڵی ١٩٦٧ کۆچی دووایی کرد و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جیلی هونەرمەندانی ریالیزمی دووای خۆی دانا. (The Art Story Foundation, 2016)

**ئێدوارد هۆپێر** ڕەنگە بەناوبانگترین شیوەکارێک بێت کە جیا لە داڵغەی هونەری، فەلسەفی و مرۆیی، سەرقاڵی شی و شرۆڤەی دەروونناسانەی دۆخی شار و دەوروبەریەتی. لە بواری ئەدەبیات، هونەر و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی ئامریکا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەسپێکی سەدەی بیستەم، جۆرێک ڕەشبینی سەبارەت بە فەزای شار و شارنشینی باو ببوو کە لە تۆماس **جێفێرسۆن -** وە دەسی پێکردبوو و ڕالف والدۆ ئێمێرسۆن -یش گەیاندبوویە لوتکە . هۆپێر زۆر لەژێر کاریگەری ئەو کەسایەتیانە دابوو و هەر بەم هۆکارەش؛ ئەو جۆرە ڕووانینە یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی تابلۆکانی هۆپێرە. مرۆڤەکانی هۆپێر؛ فیگەرگەلێکی پەرتەوازە و تەریکن لەناو فەزای شار دا؛ هەڵبەت "بوونی" ئەم فیگەرانە بە بۆنەی "بوونی" ڕووناکییەوەیە. ئەگەر ڕووناکی لە سەردەمی بارۆک دا، دیمەنێکی شانۆیی دروست دەکرد یان لە بزاڤی ڕێئالیسم دا ڕووناکییەکی ڕاستەقینە بوو؛ لێرە دەبێتە ڕووناکییەکی ناڕاستەوخۆی دەسکرد. (حائری، ساناز، ١٤٠٠) ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆنتراستی نێوان تاریکی و ڕووناکی زیاتر و زەقتر بێت.

تایبەتمەندیەکیتری بەرهەمەکانی ئێدوارد هۆپێر هەبوونی "پێرسپێکتیڤ و ئێلێمانەکانی بیناسازی و"-ە. بەشێکی بەرینی ڕووبەری تابلۆکان؛ پێرسپێکتیڤی ورد و ڕێک و ڕەنگی پڕواتا لەخۆدەگرێت (علی آبادی، گلرو، ١٣٩٦) هێڵەکان زیاتر ئاسۆیین و هەستی تەنیایی و گۆشە نشینی مرۆڤەکان زیاتر دەردەخەن ، بە گشتی هێڵ و ڕووبەری ڕەنگ لەناو بەرهەمەکانی هۆپێردا دوو فاکتەری بەرچاون. ئەمەش بە جۆرێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی چەندین ساڵەی هۆپێر لە بواری گرافیک و پوستەرسازی دا. ئەم دوو فاکتێرە یارمەتیدەرن بۆ درووست کردنی بۆشایی و لە ئاکامدا تەنیایی ڕەها و تاهەتایی.

### 7.3. ئافرەت لە بەرهەمەکانی ئێدوارد هۆپێردا:

ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی هۆپێر بۆ ژیانی سەردەم و مۆدێرن وایکردووە ، ئافرەت لە بەرهەمەکانیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت. بەڵام ئێمە بە وردی نازانین چەند جار فیگەری ئافرەت لە ناو تابلۆکانی هۆپێر دا بەکار هاتووە؛ لەبەر ئەوەی هۆپێر بە پێچەوانەی وێرمییە هونەرمەندێکی زۆر پرکارو ماندوونەناس بووە و لانیکەم هەشتسەد بەرهەمی دووای خۆی بە جێهێشتووە. بەڵام ئەوەی لێمان ڕوونە ئەوەیە کە مۆدێلی نیوەی زیاتری تابلۆکانی هۆپێر؛ جۆزێفینی هاوژینی بووە. جۆزێفین لە دووای هاوسەرگیری لەگەڵ هۆپێر؛ وازی لە هونەر هێنا و بە گوێرەی مێژوونووسان خۆی کردە قوربانی پێشکەوتنی هۆپێر، بەڵام لە جیاتی ئەوە ؛ بۆخۆی بووە مۆدێلی تایبەتی ئێدوارد هۆپێر.

ئەگەرچی هۆپێریش تابلۆکانی یەک یان دوو پێرسۆناژیان هەیە؛ بەڵام بە پێچەواەنەی وێرمییە ، تابلۆکانی هۆپێر بۆشاییان زۆر تێدایە. تابلۆکانی هۆپێر لاکێشی ئاسۆیین. خاڵی سیادە لەم بەرهەمانەدا ناکەوێتە ناوەندی تابلۆکە و بە پێی ڕێژەی زێرین لە دەرەوەی چارگۆشەی سەرەکی دان؛ یان لەبەری لای ڕاست یانیش لە بەری لای چەپ. لە ئانالیزی هێڵی تابلۆکاندا دەردەکەوێت بە پێچەوانەی وێرمییە زۆربەی هێڵەکانی ناو ژوورەکان لە دەرەوەی ڕووانگەی بینەر یەکتر دەبڕن. ئەم بابەتە ڕەها نییە بەڵام لە زۆرینەی تابلۆکاندا وایە. واتە وێڕای ئەوەی تابلۆکان دارشتنی زێرینیان هەیە بەڵام شوێنی فیگورەکان جا چ پیاو بێت چ ژن؛ دەکەوێتە دەرەوەی خاڵی زێرین و گرینگیی فیگورەکان پتر بە هۆی چۆلبوونی ژوورەکانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی نیگامان لەسەر فیگەرەکان بوەستێت.

ژنەکانی ناو بەرهەمگەلی هۆپێر لە ڕووبەروو، تەنیشت و لا تەنیشتەوە کێشراونەتەوە؛ بەڵام جگە لە چەند تابلۆدا کە مۆدێلی نێو تابلۆکە سەیری بینەر دەکات، لە وانیتردا نیگای ئافرەتەکان دیار نییە و سەیری شوێنێکی نادیار دەکەن، تەنانەت لە بەشێکی زۆری دیمەنەکاندا هۆپێر زۆر شارەزایانە بەبیانووی کێشانەوەی کڵاو، نیگای مۆدێلەکانی شاردۆتەوە. ئەو ژنانە دەکرێ بە تەنیا لەناو ژوورێک و سووچێک دابن یان لەگەڵ کەسێک لە کافە یان ڕێستۆرانت یان شوێنێکی گەشتیاری بن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە هیچ تابلۆیەک دا ئەو ئافرەتانە بزەیان لەسەر لێو نییە! دەمووچاوێکی سارد و سڕیان هەیە کە ڕوون نییە سەیری کوێ دەکەن یان بیر لە چی دەکەنەوە. تاریکی و ڕووناکی سەر دەمووچاوەکانیش وەکوو بەشەکانیتری تابلۆکان لە چەند ڕووبەر پێکهاتوون و تۆنالیتەی ڕەنگەکان بە پێچەوانەی ڕەنگ دانانی وێرمییە نەرم و سۆفت نین هەر ئەوەش حاڵەتی دەمووچاوەکانی مۆن و خەمۆک کردووە.

### 8.3. نمونەکان

<table>
<tr>
<td>
نمونەی ژمارە ١:

- ناوی هونەرمەند: ژان وێرمییە
- ناوی تابلۆ: کیژێک بە پیالەی شەرابەوە

**The Girl with the Wineglass**

- قەبارە:٧٨سم X ٦٧ سم
- مەتریال: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کەنڤاس
- ساڵی دروستکردن: ١٦٥٩ تا ١٦٦٠
</td>
<td></td>
</tr>
</table>

**وەسفی تابلۆ:** لەم تابلۆیەدا ژوورێک و لە ناوەندی ژوورەکە سێ کەس دەبیندرێن، دوو پیاو و ئافرەتێک. یەکێک لە پیاوەکان دانیشتووە و پیاوەکەیتر داهاتۆتەوە و بەرێزەوە جامێکی شەرابی داوەتە دەستی ژنەکە. ئافرەتەکە ڕووی لە ئێمەی بینەرە و بە شەرمەوە پێدەکەنێت و شادە. پەنجەرەیەکی گەورە لە بەری لای چەپی تابلۆکە کراوەتەوە.

**دارشتن :** ئاراستە و شێوەی تابلۆکە لاکێشی ستوونییە. ئەم تابلۆیە چەند پێرسۆناژییە و لە سێ فیگەر واتە ئافرەتێک و دوو پیاو پێکهاتووە. ئەگەر تابلۆکە بە شێوەی (+) دابەش بکەین خاڵی ناوەندی و یەکتربڕی هێڵەکان، دەکەوێتە نزیک دەستی ئافرەتەکە کە پیالە شەرابەکەی پێیە و دەستی پیاوەکە کە خولکی خواردنەوەی دەکات (خاڵی سیادە). توێژەر پێی وایە چاوی بینەر یەکەم جار دەکەوێتە سەر جلی سوورپرتەقاڵی ئافرەتەکە، پاشان سەر روخساری، لەوێشەوە بەرەو سەری پیاوەکە، بازنەی سپی سەرقۆڵ کراسی پیاوەکە، دەستەکان و بەرەو قوماشە سپییەکەی سەر مێزەکە و کابرای پشتەوە(کە لە گۆشەکە دانیشتووە)،لە کۆتاییدا دەگاتە سەر تابلۆی سەر دیوارەکە. ئەگەریش بمانهەوێت تابلۆکە بە شێوەی ستوونی لە ناوەندەوە بەش کەین، بەشی لای ڕاست زۆرترین وزەی بینین بۆ لای خۆی رادەکێشێت، بەڵام ڕووناکی قوماشە سپییەکە،ڕووناکی و نەخش و نیگاری سەر پەنجەرەکە؛ پارسەنگییەک لە تابلۆکەدا دروست دەکات. ڕووناکی بە شێوەیەکی نەرم و سافت لە پەنجەرەکەوە بەسەر تۆنگەکە و قوماشە سپییەکەو و چارۆکەی کابرای ناوەند و روخساری ئافرەتەکە، بەشێک لە جەستە و کراسەکەی دا بڵاو بۆتەوە. بە گشتی هونەرمەند کۆنتراستێکی خۆش لە ڕەنگ و تاریک و ڕووناکی و تێکسچێر دروست کردووە و جووڵە و حەرەکە لە ناوەندی تابلۆکەدا هەیە.

**شی و شرۆڤە:** توێژەر ڕای وایە کە ئافرەت، پێگەیەکی گرنگی لای ژان وێرمییە هەیە، ئەم تابلۆیەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو بیروبۆچوونە. کاراکتێری یەکەمی ئەم تابلۆیە واتە ژنەکە، بە جلی سوورپرتەقاڵییەوە کە زۆر سەرنجراکیشە لە پلانی پێشەوەی تابلۆکە دانیشتووە، ئاوڕدانەوە و بزەی سەر لێوی هەواڵێکی خۆش بە بینەر دەگەیەنێت. کاراکتێرەکەی ناوەند بە پێشکەشکردنی پیالەیەک شەراب واپێدەچێت داوای خۆشەویستی یان هاوسەرگیری لێدەکات. قوماشی سەر مێزەکە، تۆنگەی شەرابەکە و پارچە قوماشەکەی دەستی کیژەکە و تەنانەت شەرابی ناو پیالەکە بە ڕەنگی سپین کە دەکرێت لەم تابلۆیەدا سیمبولی پاکیزەیی ئافرەتەکە بن. لە پلانی پشتەوەی تابلۆکەش پیاوێک لەوبەری مێزەکەوە دانیشتووە و دیار نییە بیرلەچی دەکاتەوە. توێژەر ڕای وایە کە مۆدێلی هەر دوو پیاوی ناو ئەم تابلۆیە یەک کەسن. لە باری تیۆری ئێکسپێرشێنی ڕەنگەوە، ڕەنگی سوورپرتەقالی (ڤێرمیلیۆن) هێمای شادی و خۆشییە کە بارستێکی(حەجم) زۆری تابلۆکەی لە خۆ گرتووە. ڕەنگی شینی تۆخی (تالوسیانین) مێزەکە کە پیاوە خەمبارەکە شانی لەسەر داداوە، هێمای خەم و دۆشدامانە، هونەرمەند زۆر بە باشی سوودی لەو دوو ڕەنگە دژبەرە. وەرگرتووە و کۆنتراستی تابلۆکەی پێ هاوسەنگ کردووە.

<table>
<tr>
<td>
نمونەی ژمارە ٢:

- ناوی هونەرمەند: ژان وێرمییە
- ناوی تابلۆ: کیژێک لەبەر پەنجەرەیەکی کراوە نامە
</td>
<td></td>
</tr>
</table>

دەخوێنێتەوە
(Girl Reading a Letter by an Open Window)

- قەبارە:٨٣سم X ٦٤،٤ سم
- مەتریال: ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کەنڤاس
- ساڵی دروستکردن: ١٦٥٧ تا ١٦٥٩



**وەسفی تابلۆ:** ئەوەی لەم تابلۆیە بەرچاوە، کیژێکە کە خۆی ڕازاندۆتەوە، لە ژوورێک لەبەر پەنجەرە وەستاوە و بە تامەزرۆیی سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەیەکە. پەنجەرەکە کراوەتەوە و پەردەیەکی سووریش بەسەر تای پەنجەرەکەدا دراوە. لە تەنیشتی ئەو لەسەر مێزێک کە مافووری بەسەردا ڕاخراوە، سینییەک میوەی لێیە . لەبەری لای ڕاستی تابلۆکە پەردەیەکی سەوز بە حەجمێکی زۆر دەبیندرێت.

**دارِشتن:** فرێم و ئاراستەی تابلۆکە لاکێشی ستوونییە،خاڵی سیادە دروست دەکەوێتە ناوەندی تابلۆ واتە سەری کاراکتێرەکە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە، لە گۆشەکانەوە هێڵێک بۆ گۆشەی بەرامبەر بکێشینەوە، خاڵی یەکتربڕ دەکەوێتە نزیکی سەری کچەکە. لە پلانی پێشەوی تابلۆکە لە بەری لای ڕاست پەردەیەکی سەوز هەیە کە نزیک یەک لەسەر سێی تابلۆکەی داگرتووە، گنج و لۆچی پەردەکە هەندێک نیگای بینەر ڕادەگرێت و لەوێوە دێتە سەر سووری مافوورەکە، لەویشەوە دەچێتە بەر بەشی ڕووناکی پەنجەرە کراوەکە دوواتر بەسەر پەردە سوورەکە دا دادەخزێت و دەگاتە سەر ڕوخساری کاراکتێرەکە و پاشان سەر دەستی کیژەکە کە نامەیەکی بە دەستەوە گرتووە. واتە ئێمە جووڵەیەکی حەلەزونی بەدی دەکەین تا سەر دەستی کیژەکە.
ئەم تابلۆیە پارسەنگی تەواوی هەیە و دارِشتنێکی سێنترالی هەیە.

**شی و شرۆڤە:** لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەدا، جیا لە بابەتی سەرەکی تابلۆکە کە ئافرەتێکە نامەیەک دەخوێنێتەوە، چەند هێما و سیمبولی گرنگ دەبیندرێن کە جێگای سەرنج و وردبوونەوەن و توێژەر دەگەیەننە ئەو بڕوایە کە تابلۆکە هەڵگری تێمی ڕۆمانسییەتە: پەردەیەکی سوور، نامەی دەستی کیژەکە، میوەکانی سەر مێزەکە، هارمۆنیای زەردسەوزی جلوبەرگ و پەردەی پلانی پێشەوە کە خۆی هێمای گەنجی و سەرهەڵدانەویە و هەروەها تیشکی ڕووناکی پەنجەرەکە. لەناو ئەو هێما و سیمبولانە دا ڕوخساری خەمینی کیژێک دەبینین؛ ئایا خەمباری کچەکە بە هۆی نامەکەیە؟ ئایا نامەی دڵدارەکەی بەدەست گەیشتووە؟ بەڵام کیژەکە تەرپۆشە وجلوبەرگێکی ڕێک و پێکی لەبەرە، پرچەکانی ڕازاندۆتەوە و ڕووی کردۆتەوە پەنجەرەیەک کە جیا لەوەی سەرچاوەی ڕووناکی تابلۆکەیە، لە هەمان کات دا هێمای ئومێد و هیوایە. بۆیە بینەر دەزانێ کە ئەو خەمە تێپەڕ و کاتییە. جیا لەوانە پەردەی کەسکی پلامی پێشەوەش وەک هێمایەک بەکار هاتووە پەردەیەک کە هونەرمەند لایداوە تا ئێمەی بینەر یەک چرکە لە ژیانی شاراوەی ئافرەتێک ببینین.



نمونەی ژمارە ٣:

- ناوی هونەرمەند: ژان وێرمییە
- ناوی تابلۆ: گیتارژەن ( **The guitar player**)
- قەبارە:٥٣سم X ٤٦.٣سم
- مەتریال: رەنگی ڕۆنی لەسەر کەنڤاس
- ساڵی دروستکردن: ١٦٧٢

**وەسفی تابلۆ:** لەم تابلۆیەدا ئافرەتێک دەبینین ڕوو بە بینەر دانیشتووە، ئامێرێکی ژەنینی بەدەستەوەیە. ڕووی بۆ لای چەپ وەرسووڕاندووە و بزەی لەسەر لێوە و سەیری کەس یان کەسانێک دەکات. ملوانکەیەکی مرواری لە مل دایە، جلەکەی ئاورێشمە و جاکەتێکی زەردی لیمۆیی لەبەردایە کە ملیوانەکەی تنۆک تنۆکی کوڵکنە. لە پشت سەری تابلۆیەکی لەندسکەیپی لێیە. لە گۆشەی لای ڕاستی ژوورەکە لەسەر مێزێکی گچکە، چەند کتێب داندراون.

**داڕشتن** : ئاراستە و شێوەی تابلۆکە لاکێشی ستوونی نزیک لە چوارگۆشەیە. ئەم تابلۆیە تاک پێرسۆناژییە و فیگەری ئافرەتەکە یەک لەسەر سێی تابلۆکەی داگیر کردووە و حاڵەتی کلۆزئاپی هەیە. ئەگەر تابلۆکە بە دوو شێوازی گۆشە بە گۆشە و لابەلا بە هێڵ دابەش بکەین؛ خاڵی یەکتربڕ و ناوەندی ڕێک دەکەوێتە سەرشانی کاراکتێرەکە. لە ئانالیزی تابلۆکە دەردەکەوێت بەری لای ڕاست بۆشایی زیاترە و زیاتری ئێلیمانەکان کەوتوونەتە بەری لای چەپەوە، بەڵام هونەرمەند زۆر ژیرانە سەر و جەستەی کێشاوەتە بەری چەپ تا لە چەقبەستوویی رزگاری کات. دەستی راستی کیژەکە (چەپی بینەر) وا خەریکی ژەنینە و هەروەها خودی ڕووبەری گیتاربارۆکەکە دەکەوێتە خاڵی زێڕینی تابلۆکە پاشان نیگا لەوێوە دەچێتە سەر پەنجەی دەستی چەپی کیژەکە و لەوێوە هەڵدەگەڕێتەوە سەر روخساری. دانوستان و دابەشکردنی تاریکی و ڕووناکی زۆر بەجێ و هاوکێشە و چاو بەردەوام لە نێوی دا دەگەڕێت، لە پلانی پێشەوە بۆ دوواوە و لە دوواوە بۆ پلانی پێشەوە لە جووڵە دایە.

**شی و شرۆڤە**: لەم تابلۆیەدا چەند خاڵ جێگەی سەرنج و لێکۆڵینەوەیە : یەکەم جلوبەرگی فاخیر و گرانبایی ئافرەتەکە، ملوانکەی مرواری و ستایلی پرچی کە هەموو ئاماژە دەکەن بەوەی کە لە چینی دەولەمەندی کۆمەڵگەیە یان هونەرمەند دەیهەوێ وانیشان بدات. دووهەم : کتێبەکانی سەر مێزەکە کە هێمای ڕووناکبیری و خوێندوارییە. لە ڕاستیدا سەدەی هەڤدە سەدەی گۆڕانکاری گەورەیە لە بیر و هزری ئەورووپی دا، دروستکردنی گەورەترین پەرتووکخانەی گشتی لە لایەن فریدریک ویلیام پادشای پروسەوە (١٦٥٨-١٧١٦ ز) و هەبوونی فەیلەسوفانی گەورە وەک جان لاک (١٧٠٤-١٦٢٣ ز ) و ڤۆلتێر( ١٧٧٨-١٦٩٤ ز) و گرتنە دەستی پاشایەتی ئینگلستان لە لایەن پادشای هۆلەندا ویلیام ئۆرانژ سێیەم ( ١٧٠٤- ١٦٥٠ ز) و هاوژینەکەی ماری دوویەم ( ١٦٩٤-١٦٦٢ ز) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت. سەردەمی پەل هاویشتن بۆ دەرەوەی ئەوروپا و دروستکردنی وڵاتانی کۆلۆنیایە، هەروەها هەنگاوە بۆ داهێنانی گەورە لە بواری زانستیدا. سێهەم: دوو هێمای هونەری وەک تابلۆی سەردیوارەکە و هەروەها گیتارەکە کە بە گیتار بارۆک ناسراوە ، دوو هێمانی مۆدێرنن. گیتار لە ئیسپانیاوە گەیشتبووە هۆلەندا و لەو سەردەمەدا لایەنگری زۆری هەبوو و لە تابلۆکانی ئەو سەردەمەش دا وەک هێمایەکی مۆدێرن جێگەی ماندۆلینی گرتبویەوە.

توێژەر پێی وایە فۆڕمی ئاوڕدانەوە و وەرسووڕانی سەری کیژەکە کە بە بزەوە دەڕوانێتە دەرەوەی تابلۆکە وا پیشاندەدات کە چاوەڕوانی تەئید یان وەرگرتنی ئامۆژگاری لە کەسێک یان مامۆستاکەی بێت.

نموونەی ژمارە ٤:

- ناوی هونەرمەند: ئێداورد هۆپێر
- ناوی تابلۆ: چۆپ سووی (**chop suey**)
- قەبارە:٨١سم X ٩٦ سم
- مەتریال: رەنگی ڕۆنی لەسەر کەنڤاس
- ساڵی دروستکردن: ١٩٢٩



**وەسفی تابلۆ:** لە نێو کافەیەک دا، چەند کەسێک دانیشتوون. لە مێزی پێشەوە دوو ئافرەتن و لە مێزی پشتەوە پیاوێک و ئافرەتێک دانیشتوون کە تەنها سەری ئافرەتەکە دیارە. ژوورەکە  رەنگی سوورپرتەقاڵییە و لە دەرەوەی پەنجەرەگەورەکان بەشێک لە تابلۆیەک دیارە کە شەوان گڵۆپەکانی پێ دەبن. کاتەکە دەکرێت دانی بەیانی یان دوانیوەڕۆ بیت. لە نێو ژوورەکەش لەسەر دیوارەکە جلێک هەڵواسراوە.

**داڕشتن:** شێوە و ئاراستەی تابلۆکە لاکێشی ئاسۆییە. هێڵ و خاڵی ڕوانین لەم تابلۆیەدا لە ناوەندی تابلۆکە و لەسەرەوەی ئەو کەسانەیە کە دانیشتوون؛ بەڵام لە یەکەم نیگادا چاوی بینەر دەکەوێتە سەر ئەو ئافرەتەی روخساری تەواو دیارە، پاشان دەگوازرێتەوە سەر ئافرەتەکەی بەرامبەری خۆی و دوواتر پلانی پشتەوە، پیاوەکەوە وژنەکەی بەرامبەری و لەوێشەوە، چاو دێتە سەر ئەو پیتە گەورانەی تابلۆکەی دەرێ، لە ڕێگەی هێڵی ستوونی پەنجەرەکە نیگا هەمیسان دادەخزێتە سەر ئافرەتەکانی پلانی پێشەوە. خاڵی روانینی هونەرمەند و بینەر نزیک بەو شوێنەیە کە جلەکەی لێ هەڵواسراوە. ئەگەر تابلۆکە بە شێوەی (+) دابەش بکەین، بەشی خوارەوەی تابلۆکە زۆرترین جووڵە و وزەی بینینی لە خۆ گرتووە، هەمر وەکوو فیگەرەکان، هەمیش وەکوو ڕووناکی سەرمێزەکان، هێڵ و ڕووبەر ، بەڵام هونەرمەند ژیرانە بە ڕووناکی و رەنگ و فۆرمی تابلۆکەی دەرەوە هاوئاهەنگی و پارسەنگی دروست کردووە. توێژەر هەروەها لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر رەچاوی پێرسپێکتیڤی هێڵەکانی سەروخواری پەنجەرەکان و لێواری دیوارەکانی بەر پەنجەرە و فیگەرەکان بکەین کە هەموو لە یەک ئاراستەدان، خاڵی بزربوون (Vanishing Point) دەکەوێتە دەرەوەی بەری لای چەپی تابلۆکە.

شی و شرۆڤە: لە تابلۆی چۆپ سووی دا دوو ژن پێکەوە لەسەر مێزێک دانیشتوون و لەولاتر ژن و پیاوێک لەسەر مێزێکن. ئەوەی لەو تابلۆیەدا زۆر جێی سەرنجە؛ شاراوە بوون یان نیوەچڵ بوونی شتەکانە؛ دەمووچاوی نادیاری ئەو ژنەی پشتی لێمانە، دوو سێ پیتی ناوی رێستۆرانتەکە، ئەو ژنەی تەنها دەمووچاوی دیارە و ڕووی لە پیاوەکەیە و تەنانەت فەزای دەرەوە؛ لە پەنجەرەکەوە نیوەی پەیژەیەک دیارە و بەشیک لە جامی پەنجەرەکە بە رەنگ داپۆشراوە، گشت ئەمانە فەزایەکی وەهمی و پڕ لە پرسیار دروست دەکەن (محمودی، مونس، ١٣٩٧) ئەو دوو ژنەی لە نێو ئەم فەزایە دانیشتوون، جلوبەرگێکی سادە وساکاریان لەبەردایە و هیچ خشل ورازاندنەویەکیان پێوە نییە، تەنانەت سەرمێزەکەش نەرازاوەتەوە و دەفرێک و چادانێکی لێیە. ئەگەر لە تابلۆکە وردبینەوە دەردەکەوێت کە نە ئەو ژنەی ڕووی لە بینەرە و نە پیاوەکەی پلانی پشتەوە هیچیان گوێیان بۆ قسەکانی کەسی بەرامبەریان ڕانەگرتووە، بەڵکوو لە دنیای دەروونی خۆیان دان. ڕەنگی ژوورەکە ئەگەرچی گەرمە، بەڵام فەزایەکی سارد و مات زاڵە و لەبەری ڕاستەوە تا دەگاتە خاڵی پێرسپێکتیڤی دەرەوەی تابلۆکە، گشتی وەک مسافرانی شەمەندەفەرێک بەرەو بێکۆتایی و ناڕوونی دەرۆن، وێرای ئەوەی بۆ گفتوگۆ دانیشتوون، بەڵام هەموو شتێک لە کپی و بێدەنگی دایە.

نمونەی ژمارە ٥:

- ناوی هونەرمەند: ئێداورد هۆپێر
- ناوی تابلۆ: ژوورێک لە نیۆیۆرک (Room in New York)
- قەبارە:٧٣.٦٦ سم X ٩٣.٠٣ سم
- مەتریال: رەنگی ڕۆنی لەسەر کەنڤاس
- ساڵی دروستکردن: ١٩٣٢



**وەسفی تابلۆ:** لە دەرەوەی بینایەک هونەرمەند نێو ژوورێکی پیشانداوە، پیاوێک کە ڕۆژنامەی بەدەستە لەسەر قەنەفەیەک دانیشتووە و ژنێکی جل سوور لە تەنیشتی پیانۆیەک پەنجەی لەسەر کلیلەکانی پیانۆکەیە. ڕەنگی دیوارەکان زەردکەسکە و مێزێکی خڕی دارین لە مابەینیان دایە. دەرگایەکی قاوەیی و چەند تابلۆیەکیش هەڵواسراوە.

**داڕشتن :** ئەم تابلۆیە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم بەشی دەرەوەی بیناکەیە کە بە ڕەنگی سارد وەک شینی تۆخ، رەش و رەساسی کراوە، گوزارشت لە دەرەوەی بینایەکی کۆنکرێتی دەکات و وەکو چوار چیوەیەک بەشەکەی ژوورەوەی لە خۆ گرتووە. کاتەکە شەوە. بەشی دووهەم، بەشی ژوورەوەیە کە زۆر رەنگینە و رووناکی لە گلۆپەکانی سەرەوە وەرگرتووە کە لە چاوی بینەر شاراوەن. هونەرمەند لە دوو رەنگی دژ بەری یەک واتە سەوز و سوور و مێدیۆمی رەنگی وەک ئۆکەری، قاوەیی و ڕەش کەڵکی وەرگرتووە. ئەگەر تابلۆکە لە باری ستوونییەوە دابەش کەین دەتوانین بە چوار بەش دابەشی کەین؛ لەبەری لەی راستەوە ئەو کەرتە سەوزە کە ئافرەتەکی تێدایە، دەرگاکە، ئەو بەشە سەوزەی پیاوەکەی تێدایە و لە کۆتایی بەشی رەش و رەساسی پەنجەرە و دینگەکەی دەرەوەی بیناکە. هەروەها ئەگەر بە دوو شێوەی (+) و (X) دابەشی کەین، گۆشەی بنەوەی بەری راستی تابلۆ هەڵواسراوەکە؛ خاڵی روانینی بینەرە. سەری پیاوەکە و پیاوەکە بۆخۆی لە بەشی سیادەی تابلۆکە دایە و بابەتی سەرەکیە. پاشان نیگا دەگوازرێتەوە بۆ لای مێزەکە و ئافرەتە سوور پۆشەکە و دووای ئەو وردەکاری ناو ژوورەکە. لەم تابلۆیەدا هێڵە ستوونیەکان زاڵن بەسەر هێڵە ئاسۆییەکاندا و نیگا بەردەوام بە نەرمی لە نێوان بەری لای راست و چەپی تابلۆکەدا لە گەڕان دایە.

**شی و شرۆڤە:** ئەوەی لەم تابلۆیە دەستمان دەکەوێت؛ تابلۆ لە نێو تابلۆدایە، بینەر وەک ڕێپۆرتێرێک لە دەرەوە سەیری ناوماڵێک دەکات کە دوو کەسی تێدایە. ژوورێکی تەسک، پیانۆیەک، ئاباژۆرێک، مێزێکی دارینی بچوک و تەنانەت کۆنکرێتی دەرەوەی بیناکە گشتی هێمای ژیانی مۆدێرنی ناو گەورەشارێکن. ژنێک و پیاوێک کە لەناو ژوورێکی بچوک پێکەوە دانیشتوون بەڵام پێکەوە نین و هەرکام سەرقاڵی کارێکن و کات دەکوژن. بێدەنگی بەسەر فەزاکەدا زاڵە. روخساری کاراکتێرەکان و هەروەها میمیکی دەموچاویان دیار نیە و شاراوەیە، واپێدەچێت هونەرمەند زیاتر گرینگی بە زمانی جەستەی کاراکتێرەکان دابێت. پیاوەکە خۆی بە ڕۆژنامەیەکەوە سەرقاڵ کردووە و ژنەکە لای پیانۆکە دانیشتووە و بە وەڕەزییەوە پەنجەی ناوەتە سەر کلیلەکان، لە راستیدا ئەو پیانۆ ناژەنێت، تەنها ئامانجی ئەوەیە ئەو بێدەنگیە بشکێنێت. ئەوان لێک دوورن، کەرستە و شتەکانی ناوماڵەکەش هەموو گوزارشت لەو دووری و جیاییە دەکەن؛ مێزەکەی مابەینیان، دەرگاکە، تابلۆ هەڵواسراوەکان، و ڕەنگی ساردی کۆنکرێتەکەش. هۆپێر وەک هونەرمەندێکی سوشیال ریالیست دەیهەوێت پیشانبدات ژیانی سەردەمی مۆدێرن ژیانێکی ئیپیکۆری، کاتی و تێپەڕ و شیرازەی بنەماڵەکان بەرەو هەڵوەشانە، حەزیان لە پێکهێنانی بنەماڵە نیە و بەردەوام بەرەوە دابڕان و لێکترازانن.

نمونەی ژمارە ٦:

- ناوی هونەرمەند: ئێداورد هۆپێر
- ناوی تابلۆ: خۆری بەرەبەیان **(Morning Sun )**
- قەبارە:٧١.٥سم X ١٠١.٩٨ سم
- مەتریال: رەنگی رۆنی لەسەر کەنڤاس
- ساڵی دروستکردن: ١٩٥٢



**وەسفی تابلۆ:** خاتونێک بە جلی پەمەییەوە لەسەر تەختی خەوێک هەڵکورماوەو سەیری خۆری بەرەبەیان دەکات. ژوورێکی ساکار و پەنجەرەیەک لە لای ڕاستی تابلۆکە هەیە کە بیناکانی دەرەوەی لێ دیارە.

**داڕشتن:** شێوە و ئاراستەی تابلۆکە لاکێشی ئاسۆییە. هونەرمەند دوو فەزای پیشانداوە، فەزای ژوورەوە و فەزای دەرەوە.یەک لەسەر سێی تابلۆکە بۆ پەنجەرەکە تەرخان کراوە.ئەگەریش تابلۆکە بە شێوەی (+) دابەش کەین، سەر و گەردنی مۆدێلەکە ڕێک دەکەوێتە ناوەندی تابلۆکە. واتە سیادەی تابلۆکە لە ناوەندە و سەری ژنەکەیە. فۆڕمی دانیشتنی ئافرەتەکە سێ گۆشەیە و هەر ئەوە حاڵەتێکی ڕاوەستاو و جێگیری پڕ بەخشیوە. هونەرمەند بە تیشکی خۆرەکە لەسەر دیوار ڕووبەرێکی دروست کردووە. ئەو ڕووبەرە لە لایەکەوە هاوتەریب لەگەڵ هێڵی تەختەکە چۆتە پێرسپێتیڤ و جووڵەی دروست کردووە. لە لایەکیتریش بە هێڵە ستوونییەکەی تابلۆکەی کردۆتە دوو کەرتەوە. بەشی ڕەساسی پشتەوە بۆتە هۆی بارزبوونی روخسار و بەشێک لە جەستەی ئافرەتەکە. لەم تابلۆیەدا ڕووبەری هەندەسی و ئەندازەیی زۆر دەور دەبینێت و پتر لەسەر ئاراستەی هێڵی شکاوە.

**شی و شرۆڤە:** لەم بەرهەمەدا، هۆپێر ئافرەتێکی بە سیمایەکی مات و مەلوول کێشاوەتەوە کە بە جلێکی ساکار و نیمچە ڕووت لەسەر تەختێک لە ژوورێکی بۆش و بەتاڵ، دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە دەرەوەی پەنجەرەکە. چاوی ژنەکە بە پەڵەیەکی ڕەش دانراوە. لەناو ژوورەکە هیچ کەرستە و کەلوپەلی ژیان نابیندرێت، تەنانەت سەر تەختەکە چەرچەفی لێ نییە. هیچ رازاندنەوەو دێکۆرێکی بوونی نییە و تەنیا هێڵی سێبەرەکانن کە نیگامان لە تابلۆکەدا دەسووڕێننەوە. لە پەنجەرەکەوە بینەر دەتوانێت بەشێکی بیناکان و شەقامەکە ببینێت و ئەوەش هەستی تەنیایی و گۆشەگیریی زیاتر بۆ بینەر دەگوازێتەوە. لەم تابلۆیەدا هونەرمەند ئێلێمانێکی تایبەتی وەک سیمبول بەکار نەهێناوە، بە پێچەوانە ئەو بۆشایی و سادەیی و چۆلبوونە، خۆی هێمایەکە بۆ تەنیایی، بێکەسی و پەرتەوازەیی. بە گوێرەی " سۆرێن کییەر کیگۆر" : **ئانۆمێدیەکیی بەرەو مەرگ** -ە. فلات بوونی رەنگە ڕەساسی و ئاکرۆماتیکە کەسک و لیمۆییەکان، فۆڕمی تیژی و ئەندازەیی دار و دیوارەکانیش، ئەو بێهیواییەی پتر زەق کردۆتەوە.

### 4: ئەنجام و دەرئەنجام:

### 1.4. ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- ژن لە تابلۆکانی وێرمییەدا، دەموچاو و نیگای دیارە و زۆر جار دەڕوانێتە بینەر، لە تابلۆکانی هۆپێردا ئەگەر دەموچاویشیان دیار بێت، نیگایان دیار نییە و هونەرمەند چاوی فیگەرەکانی بە پەڵەیەک داناوە و هەندێ جاریش بە بیانووی کڵاو یان سێبەر دەموچاو یان نیگایانی شاردۆتەوە و دیار نییە لە چی یان لە کوێ دەڕوانن.

2- زۆرینەی ئافرەتەکان لە بەرهەمەکانی وێرمییەدا، سەرقاڵی کارێکن، بەڵام ئافرەت لە نێو بەرهەمگەلی هۆپێر زۆر بە کەمی کاردەکەن و بێکارپیشاندراون.

3- لە بەرهەمەکانی وێرمییەدا بە دەگمەن ئافرەتێکی خەمباری تێدایە، بەڵکو شادن و بزەیان لەسەر لێوە، بەڵام لە بەرهەمەکانی هۆپێردا ئافرەتەکان ماتن و دەموچاوێکی سارد و سڕ و بێ گیانیان هەیە.

4- لە ناو بەرهەمەکانی وێرمییەدا، ژنەکان خۆیان ڕازاندۆتەوە و خشڵیان پیوەیە، بەڵام لە تابلۆکانی هۆپێردا هیچ رازاندنەوە و خشلێکیان نییە.

5- ئەگەرچی نابێت لە بەراوەردی جلەکاندا ئەوەمان لە بیر بچێت کە ئافرەتەکانی ناو بەرهەمەکانی وێرمییە و هۆپێر هی دوو سەردەمی جیاواز و دوو کەلتووری جیاوازن، بەڵام خاڵێکی کە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین؛ ئەوەیە کە مۆدێلەکانی هۆپێر تەنانەت ئەگەر ساماندراریش بن جلەکانیان سادەن و هیچ رازاندنەوەیەکی ئەوتۆیان نییە. تەنانەت قوماشی جلەکانیش سادەن.
6- لەناو تابلۆکانی وێرمییەدا، سیمبول و هێمایەک لە خوێندەواری، روناکبیری یان هونەر بوونی هەیە، بەڵام لە بەرهەمەکانی هۆپێردا هیچ هێمایەک بۆ ئەو شتانە نییە.

### 2.4. دەرئەنجام:

1- بە پێچەوانەی وێرمییە و هاوچاخەکانی کە رووی جوانی ژیانی سەردەمر پیشان دەدەن و بە گەشبینییەوە دەڕواننە پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگا و دۆخی ژن؛ هۆپێر تەنانەت لە هاوچاخەکانی خۆشی وەپێش دەکەوێت و رووی ناشیرینی ژیانی ناوشار و هاتنی تەکنۆلۆژیا و گۆڕانی خێرای ژیانمان بۆ دەردەخات.
2- تابلۆکانی هۆپێر لە سەردەمی خۆیدا، باس لە گرفتێکی گرنگ و قووڵ دەکەن واتە تەنیایی کە بەرهەمی مۆدێرنیتەی سەدەی بیستەمە. سوژەکانی هۆپێر تەنانەت کاتێک لە شوێنی قەرەباڵغیشن- بۆ وێنە: ژنێک لە سووچێکی سینەما پاڵی بە دیوارەکەوە داوە، پیاوێک لەناو کافەدا لەوانیتر دوور کەوتۆتەوە و بە تەنیا دانیشتووە؛ گشتیان هەستی قووڵی تەنیایی ژیانی مۆدێرن پیشان دەدەن.
3- تابلۆکانی ژان وێرمییە ژیانی کۆمەڵگای هۆلەندی لە دەسپێکی سەدەی هەڤدەهەمر پیشان دەدەن؛ لەو بەرهەمانەدا، ژن تەوەری سەرەکی تابلۆکانن کە لە ڕۆڵی دایک، کچ، هاوژین ، دلدار یان ئافرەتێکی کرێکار دەردەکەون. لەو بەرهەمانەدا ئافرەت پێگەیەکی یەکجار گرنگ و بەنرخ و بەرچاویان هەیە و ڕێزیان لێ دەگیرێت و لە گەشە و پێشکەوتنی خۆیان و بنەماڵە و کۆمەڵگا ڕۆڵی سەرەکیان هەیە. ئەوان لەگەڵ ئەوەی کۆڵەکەی پێکهاتەی خێزانن، بۆ پێشکەوتنی خۆشیان هەوڵ دەدەن و ژیانێکی سەردەمیانە و داینامیکیان هەیە. بەڵام لەنێو بەرهەمەکانی ئێدوارد هۆپێردا کە دەرخەری بە مۆدێرن بوونی ژیان، بەتایبەت ژیانی ئەمریکییە؛ ژن و پیاو لە جێگە و پێگەی ئینسانی خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر دادەبەزن. لە ڕوانگەی هۆپێرەوە، ئافرەت زیاتر لە پیاو قوربانی ئەو سیستەمەیە و بە پێچەوانەی ژنەکانی نێو تابلۆکانی وێرمییە، خەمۆک و نائومێد و بێهیوان. تەنانەت ئەو ئافرەتانەی کە لە کۆمەڵگادا چالاکن و کاردەکەن وەک ڕۆبۆتێکی بێ هەست و بێ هیوا پیشان دراون.
4- تابلۆکانی ژان وێرمییە گەشبینییە بۆ دەسپێکی ژیانی بۆرژوازی و ئافرەتیش وەک هێمایەک لەو پێشکەوتن و بەختەوەرییە پیشاندراوە، بەڵام تابلۆکانی ئێدوارد هۆپێر ڕەشبینانە لوتکەی ژیانی بۆرژوا و سیستەمی سەرمایەداری نمایش دەکەن و ئافرەتیش وەک قوربانییەکی ئەو سیستەمە، دەستنیشان دەکەن.

**3.4. پێشنیارەکان:** لە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە، توێژەرئەو پێشنیارانە دەکات:

1- توێژینەوە لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە بەرهەمی هونەرمەندانی کورد.
2- لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمی جۆراجۆری هونەرمەندە فێمێنیستە عالەمییەکان.
3- لێکۆڵینەوەی ئاکادێمی لەسەر بەرهەمی هونەرمەندانی فێمێنیستی کورد.
4- توێژینەوە لەسەر بابەتی ڕۆڵ و پێگەی ژن لە نێو بەرهەمەکانی سەردەمی پۆست مۆدێرن.

### 4.4. ڕاسپاردەکان:

1- چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووک و توێژینەوەی زانستی لەسەر بابەتی ئافرەت و هونەر.
2- زیادکردنی مادەی "خوێندنەوەی ژنان" (Woman Studies) لە قۆناغی بێکالۆریوس و ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەک لە زۆرینەی وڵاتان ئەم مادە دەرسیە هەیە.
3- چاپ و بڵاوکردنەوەی، بڵاوکراوەیەکی لێکۆڵینەوەیی تایبەت بە بواری ژنان.

### پەراوێزەکان:

١ --فابریتیوس: (Carel Pietersz. Fabritius 1622 -1654) شێوەکاری هۆلەندی شاگردی رامبراند بوو و لە کارگەکەی رامبراند لە ئامستردام ئیشی دەکرد.
٢- رامبراند: ( Rembrandt Harmenszoon van Rijn 1606- 1669 ) شێوەکاری سەردەمی زێرینی هۆلەند کە لە یەکێکە لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی میژووی هۆلەند.
٣- کاراواجۆ: ( Michelangelo Merisi da Caravaggio 1571 -1610 ) هونەرمەندی ئیتالیایی بوو کە وەک یەکێک لە بەناوبانگترین شێوەکارانی سەردەمی بارۆک دەناسرێت.

٤- پیتێر دۆهوچ: (Pieter de Hooch 1629-1684) شێوەکاری سەردەمی زێرینی هۆلەندە و زیاتر بە کێشانەوەی دیمەنی نێوماڵ و ژوورەوە ناسراوە.

٥- سەردەمی زێرینی هۆلەند: ( Dutch Golden Age) سەردەمێکە لە مێژووی وڵاتی هۆلەند لە نێوان ساڵەکانی 1588 هەتا 1672. لەو ماوەیەدا ئەو وڵاتە لە بواری بازرگانی، زانست، هونەر و سوپاوە پێشکەوتنی زۆری هەبوو.

٦- ویلیام مێریت چەیس: (William Merritt Chase 1849-1916) شێوەکارێکی ئامریکایی بوو کە مامۆستای هونەر بوو و لە مێژووی هونەردا وەک شێوەکارێکی ئەمپرسیۆنیست ناوی دەرکردووە.

٧- رۆبێرت هێنری: (Robert Henri 1865-1929 ) مامۆستا و شێوەکاری ئامریکایی بوو.

٨- ئێدوارد مۆنێ: ( Édouard Manet 1832-1883 ) شێوەکاری مۆدێرنیستی فەرەنسی بوو کە لە رێبازی ئەمرێسیۆنیسم ناوی بەرچاوی هەیە.

٩- ئێدگار دێگا: ( Edgar Degas 1834-1917) شێوەکاری فرەنسی کە جیا لە نیگارکێشان لە بواری هێڵکاری و پەیکەرسازیش دا بەرهەمی هەیە.


## لیستی سەرچاوەکان :

### سەرچاوە کوردییەکان:

- شوانی. دانا، (٢٠٢٣) کاریگەری پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر کەسایەتیی تاک، https://hawlerweb.net .

### سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

- Christina.(2014),Painting with light: Vrmeer's interior scenes, https://daydreamtourist.com
- Janson,Jonathan. (2021), Vermeer's women, www.essentialvermeer.com
- Kane, Stephanie.( 2020), Uncovering Edward Hopper's Archetypal Woman, https://www.artandobject.com
- S.Kleiner,Fred.(2011),Gardner's art through the ages,Boston,Wadsworth Cengage Learning.
- Tietz,Tabea.( 2018), Johannes Vermeer- Master of Perspective and Lighting, http://Scihi.org
- Unknown. (2016), Biography of Edward Hopper, https://www.theartstory.org
- Unknown. (2021), Modernism, https://www.tate.org.uk

### سەرچاوە فارسییەکان:

- اکبرزاده، جواد. (١٣٩٨)، نقاشیها و زندگینامه یوهانس ورمیر، http://www.mahvis.net.
- پاکباز، روئین.(١٣٨٥)، دایرەالمعارف هنر، تهران، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی،
- حائری، ساناز. (١٤٠٠)، جهنم سرد، نگاهی به آثار ادوارد هاپر، https://dalan.media
- علی آبادی، گلرو. (١٣٩٦)، نگاهی به سبک و آثار نقاش قرن بیستمی ادوارد هاپر، www.netnevesht.com
- فلاح زاده، علی.(١٣٩٩)، ادورد هاپر؛ روایتگر عزلت ژرف انسان مدرن شده، https://khabargozarisaba.com
- محمودی، مونس. (١٣٩٧)، چراغهای رابطه تاریک اند/ بررسی بازنمایی کافەها در آثار ادوارد هاپر با نگاهی بر تابلوی چوپ سووی، https://www.angahmag.com
- کلارک،مایکل. (١٣٨٩)،فرهنگ فشردە اصطلاحات هنر. (ترجمە الهام السادات رضایی)، تهران،انتشارات برگ نگار.
- گاردنر، هلن.(١٣٩١)، هنر در گذر زمان. (ترجمە محمد تقی فرامرزی)، تهران ، انتشارات نگاه.
- گامبریچ، ارنست. (١٣٧٩)، تاریخ هنر.(ترجمە علی رامین)، تهران ، نشر نی.

**المرأة في اللوحات الفنية ل(جوهانس فيرمير وإدوارد هوبر) دراسة مقارنة**

**محمد صالح روستم زاده**
كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين-أربيل
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

**ملخص**

تعد المرأة من أهم المواضيع في أعمال الفنون التشكيلة وخصوصا في الرسم ، وهذا يدل على أهمية ومكانة المرأة في المجتمعات المختلفة. كما هو عند كل من الفنان الهولندي من العصر الباروك، والفنان الامريكي المعاصر إدوارد هوبر، تظهر وجه المرأة بوضوح كعنصر مهم في أعمالهم الفنية، و أن هذا البحث دراسة مقارنة لرسم المرأة عند كل من الفنانين في اعمالهم الفنية بهدف مقارنة المكانة وهوية المرأة في مكانين و عصرين مختلفين ولهذا استخدم الباحث المنهج المقارن واعتمد على المصادر والذي من خلاله وصل الى أن رسم المرأة في الأعمال الفنية وخصوصا في اللوحة لكل فترة أنعكست فيها مكانة المرأة ووضعها الاجتماعي والاقتصادي والثقافي لها .

**الكلمات المفتاحية :** المرأة ، جوهانس فيرمير، إدوارد هوبر، الباروك، المعاصر.

**Women in the paintings of Johannes Vermeer and (Edward Hopper)**
**A Comparative research**

**Mohammad Salh Rostam Zadeh**
Department of Plastic Art, Collage of Fine Art,
Salahaddin University-Erbil
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

**Abstract**

Women have always been one of the most important subjects of works of visual arts, especially painting. And this shows the importance and status of women in different societies. Jean Vermeer, a Dutch artist of the Baroque era, and Edward Hopper, an American artist of contemporary origin, are those painters whose women's faces are very evident as an important element in their works. This research compares the image of women in the works of these two artists in order to measure the position and identity of women in two different historical periods and between two different geographies. For this purpose, I have used the comparative method and library sources in this research. The achievements tell us that women's faces in the works of art of each period show the status of women and the social, economic, cultural and artistic status of that period.

**Keywords:**women, Johannes Vermeer, Edward hopper, Contemporary